پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی نوێژی دەکرد ئەگەر ڕووی لە هەرئاراستەیەک بووایە، وسەری لار دەکردەوە، وئیبن عومەریش ئەمەی ئەنجامەدا

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی نوێژی دەکرد ئەگەر ڕووی لە هەرئاراستەیەک بووایە، وسەری لار دەکردەوە (بەرەو خوارەوە)، وئیبن عومەریش ئەمەی ئەنجامەدا». ولە گێڕانەوەیەکدا: «نوێژی ویتری لەسەر پشتی وشترەکەی ئەنجامەدا». ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا: «جگە لەوە نەبێت کە نوێژی فەرزی لەسەر پشتی ئاژەڵ ئەنجام نەدەدا (واتا: تەنها نوێژی سونەتی لەسەر پشتی ئاژەڵ ئەنجامەدا)». ولە گێڕانەوەی (البخاري)دا: «جگە لە نوێژە فەرزەکان نەبێت (واتا: تەنها نوێژە فەرزەکانی لەسەر پشتی ئاژەڵەکە ئەنجام نەدەدا)».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی سونەتی لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی ئەنجامەدا ئەگەر ئاژەڵەکە ڕووی لە هەرئاراستەیەک بووایە، وبۆ ڕکوع وسوجدە بردن سەری هەندێک لار دەکردەوە بەرەو خوارەوە، ودانەدەبەزی بۆ ئەوەی لەسەر زەوی ڕکوع وسوجدە ببات وڕوو لە قیبلە بکات؛ ئەمیش وەکو ئاسانکارییەک، بە بێ جیاوازی لە نێوان نوێژە سونەتەکان جا ئەگەر نوێژی سونەتی بێ سنوور یان سونەتە ڕاتیبەکان یان نوێژی ویتر یان لە ئەو نوێژانە بێت کە بەهۆی هەندێک هۆکارەوە ئەنجامەدرێن، بەڵام نوێژی فەرز دەبێت لەسەر زەوی ئەنجامبدرێت مەگەر لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا نەبێت چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی فەرزی لەسەر پشتی ئاژەڵ ئەنجام نەدەدا بەڵکو دادەبەزی ولەسەر زەوی ئەنجامی دەدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3128